

# فلاش میمۆریش رکابەری بۆ پەیدا بوو

فـــلاش میمـــۆری بۆ راگواســـتن و هەڵگرتنی داتاکان هەتا ئێســـتا بێ رکابەرە، چونکە هەم بچووکە و کێشی کەمە و هەم داتایەکی زۆریش لەخۆیدا هەڵدەگرێـــت، بەهۆی کێبڵێکی تایبەتەوە دەتوانرێـــت داتاکان لە مۆبایلەوەش بگوازییەوە، تۆشـــیبا رکابەرێکی نوێی بۆ فـــلاش میمۆری داناوە، ئامێرێك بچووك لە شـــێوەی فلاش میمۆرییە و بە transferjet ناسراوە، ئەم ئامێرە تەنیا بۆ بەرهەمەکانی ئەپـــڵ وەك ئایفۆن، ئایپاد و ئایپۆد دەگونجێت، لە ڕێگەی سیستەمی وای-فای یەوە بە خێراییەکی زۆر داتاکان رادەگوێزێت. خێراییەکە دەگاتە 375 میگابایت لە چرکەیەکدا.



# بازووبەندێکی سمارت فیلم ریکۆرد دەکات

لەکاتی ســـەیرکردنی فیلمێکی خۆشـــدای، یان سەیرکردنی یاری تۆپـــی پێدای، بەڵام بەهـــۆی ماندووییەتـــەوە لەناکاو خـــەوت لێدەکەوێت و ئیـــدی ئەو فیلمەی کە ســـەیرت دەکرد، نایبینیەوە.. لەمەولا لەکاتێکی وادا بۆخۆت بنوو و خەمت نەبێت مەچەکبەندی kipstr ئەوکاتـــەی کە خەوت لێکەوت فەرمانێك دەدات بە ریســـیرڤێرەکە کە فیلم، یان بەرنامەکە ریکۆرد بکات. مەچەکبەندەکە لەلایەن دوو گەنجـــی بەریتانی بەرهەمهاتووە، هەســـتەوەرێکی تێدایە کە تێدەگات چ کاتێك بەکارهێنەرەکەی خەوتووە.





# یارییە ئەندرۆییەکان بە سێ ڕەهەندی ببینە

حەز دەکەی یارییەکانی سەر مۆبایلەکەت بە سێ ڕەهەندی 3D ببینی؟ کۆمپانیای چینی SNAIL کە چالاکییەکانی لە بواری پەرەپێدان و پێشخستنی گەیمنیکە، ئامێرێکی داهێناوە بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بتوانێت یارییەکانی ئەندرۆیدی سەر تەبلێت یان مۆبایلەکەی بە شێوەی سێ ڕەهەندی ببینێ. ئامێرەکە خێرایی 2.2 گیگاهێرتزە و کوالیتی نیشاندانی 1080ە. جگە لە یاری ئەلکترۆنی بۆ نیشاندانی فیلمیش دەگونجێت.



# هیدفۆنێکی زیرەک چاودێری دڵتان دەکات

گرنگیدان بە تەندروستی لەم یەك دووساڵەدا بۆتە خاڵی جێگەی سەرنجی بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، چونکە تەکنەلۆژیا وای کرد مرۆڤ بەرەو سستی جەستەیی و تەوەزەلی بڕوات، بۆیە دەبێت هەر لەو ڕێگایەوەش چارەسەرێك بۆ تەندروستی مرۆڤ بدۆزرێتەوە، کاتژمێرە هۆشمەندەکان، بازوبەندە سمارتەکان و لەم دواییەشدا هیدفۆنی هۆشمەند تارادەیەك ئەم هیوایە دەگێڕنەوە. هیدفۆنی ژیرۆکی parrot zik sport جگە لەوەی وەك هیدفۆنێك بۆ گوێگرتن لە مۆسیقا سوودی لێوەردەگیرێت، هەستەوەری لیدانی دڵ، هەنگاو ژماردن، تەنانەت بە جۆرێك کە چەند هەنگاو بە پێی چەپ و چەند هەنگاو بەپێی ڕاست ڕۆیشتووی، خێرایی ڕۆیشتن و بەرەو بەرزایی سەرکەوتن گشت ئەوانە لەو هیدفۆنەدا هەیە و کە بە بلوتوس زانیارییەکان بۆ مۆبایل بەڕێ دەکات، هیدفۆنەکە 8 مایکرۆفۆنی تێدایە، کە تەنیا دوو دانەیان بۆ قسەکردن و شەشەکەی دیکە بۆ سڕینەوەی دەنگ و دەنگی زیادەیە..



# لە داهاتوودا شۆفێری نامێنێ

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزایی هەیە، لە ڕاستیدا شۆفێری زانستێکە، هەرچەندە لەم هەرێمەدا ئەوەی گرنگی پێنەدرێت شۆفێرییە. لەداهاتوودا ئۆتۆمبێلەکان وەك خۆیان نامێنن، ئێستاکەش بە بەراورد بە دە ساڵی ڕابردوو گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا هاتووە، بەپێی نوێترین داهێنانی کۆمپانیای مارسێدس ئیدی شۆفێریش ئەو ڕۆڵەی نامێنێ و ئۆتۆمبێل ئۆتۆماتیکی دەڕوات و هیچ گرفتێکیش ڕوونادات، باشتر لە شۆفێری مرۆڤ هێماکان دەخوێنێتەوە و ڕێنماییەکان وەبەرچاو دەگرێت. ئۆتۆمبێلە شۆفێر ئۆتۆماتیکییەکەی مارسێدس بە F015 luxury in motion ناسراوە. ئۆتۆمبێلەکە کە لە پیشانگەی ساڵانەی CES خرایەڕوو و نیشاندرا، لە ڕاستیدا شۆفێر و سەرنشینەکانی ناو ئۆتۆمبێلەکە وەك یەك وان، شۆفێر دەتوانێت کورسییەکەی خۆی بۆلای دیکە بسوڕێنێ و لەگەڵ ئەوانەی پشتەوە قسە بکات و چاو و قاوە بخواتەوە. خاڵیکی جێگەی سەرنج لەو ئۆتۆمبێلەدا بوونی دوو شاشەی LED لە پشت و پێشەوەی ئۆتۆمبێلە بۆ دوو ڕەنگی شین و سپی دەگۆڕدرێن، ئەگەر سپی بێت مانای وایە شۆفێر لێیدەخوڕێت، بەڵام ئەگەر شین بێت بەو مانایە ئۆتۆمبێلەکە ئۆتۆماتیکی دەڕوات.

# لانکی زیرەک بە راژاندن و لای لایی منـ



لانك یان بێشـــكە لە ناو كەلەپووری گەلەكەمان دا جێگەی دیارە، هێشـــتاش لە دێهات و بەشـــێك لە ماڵەكانی شـــاردا بۆ حەوانەوەی منداڵ سوود لە بێشـــكە دەبینن، هەرچەندە دەڵێن لە بواری تەندروستییەوە لانكی كوردەواری دەبێتە هۆی ئازاری منداڵەكە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بێشـــكە وەلانەنراوە..

لە كەلتووری گەلانی دیكەشـــدا لانـــك بوونی هەیە، لە پیشانگای ســـاڵانەی CESدا بێشكەیەكی دیجیتالی بەناوی mamaroo نیشـــاندرا، بێشـــكەكە بـــە ئارامی و

## پردێک لەنێوان مۆبـــــ

بۆ پەیوەندی نێوان مۆبایل و كۆمپیوتەر پێویستە كێبڵ، یان سیستەمی بلوتوس، یان وای-فای هەبێت، هەندێك پڕۆگرامیش هـــەن كە وەك پردێك لەنێوان مۆبایل و كۆمپیوتەردا كار دەكەن، یەكێك لەم پڕۆگرامانە Airdroidـە، گرنگی ئەم پڕۆگرامە بە جۆرێكە هەتا ئێستا 50 ملیۆن كەس دایانبەزاندووە.

بەهـــۆی ئەم پڕۆگرامـــەوە رێكخســـتنی كورتەپەیامەكان و وەرگرتنی پەیامـــەكان لە كۆمپیوتـــەر، توانایەكی گرنگە لـــەم پڕۆگرامەدا هەیە. بەهۆی ئەو پڕۆگرامەوە بەئاســـانی دەتوانی پەیامەكان لەسەر كۆمپیوتەر بخوێنیەوە، وەڵام بدەیەوە، كورتەپەیامی نوێ بنێری، هەر كارێك لەسەر كۆمپیوتەر ئەنجام بدەی لەسەر مۆبایلەكە دەبیندرێت.


فایلەكانی وەك مۆســـیقا، ڤیدیۆ، وێنەی ســـەر مۆبایلەكە بەئاســـانی لەســـەر كۆمپیوتەر خـــەزن دەكرێن، داخســـتن و دۆزینەوەی شـــوێنی مۆبایلەكە لە تواناكانی ئەم پڕۆگرامەن. تەنانـــەت ئەگەر نەكـــرا مۆبایلەكەت بدۆزیەوە هەر لەســـەر كۆمپیوتەرەكەت دەكرێت گشت زانیارییەكانی ناوەوەی بسڕیەوە. تەنانەت دەتوانیت هەر لەسەر كۆمپیوتەرەكەتەوە پڕۆگرامەكان دابەزێنیەوە سەر مۆبایلەكەت. لە سەر كۆمپیوتەرەكەت دەتوانی



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز پرسیار دەكات كە هۆكاری چییە یەكەی ئینتەرنێتەكەی زوو تەواو دەبێت، بەبێ ئەوەی كە دانلۆدی پێبكات؟ بۆ روونكردنەوەی زیاتر دەپرســـێت كارتێكی دە گیگابایتی دەخەمە ســـەر، كەچی بێ ئەوەی دانلۆدی پێبكەم، چەند رۆژێك ناخایەنێت تەواو دەبێت، جگە لە خۆیشم كەسی دیكە بەكاری ناهێنێت، هۆكارەكە بۆ كۆمپانیاكە دەگەڕێتەوە یان بۆ چ شتێكی دی؟**

خوێنـــەری بەڕێـــز پێموانییە كۆمپانیا ئەوە بكات كە دزی لە یەكەكەت بكات، ئەوەیان رێی تێناچێت. بەڵام گەورەترین هۆكاری زوو تەواوبوونی ئینتەرنێت وەك خۆت دەڵێی بێ ئەوەی ســـودێكی وای لێوەر بگری بۆ خۆنوێكردنەوەی سیستەمی ویندۆزەكەت دەگەڕێتەوە كە بەبێ ئیزنی تۆ لە ئینتەرنێت دایدەبەزێنێ. بۆ ئەم مەبەستە ئەپدیتكردنەوەی ئۆتۆماتیكی سیستەمەكەت رابگرە. كاتێك كلیكی راست لەسەر مەی كۆمپیوتەر دەكەی، لە بەشی خوارەوە پڕۆپێرتس هەیە، لەودا فەرمانی راگرتنی نوێكردنەوەی ئۆتۆماتیكی رابگرە، بەم كارە زوو یەكەی ئینتەرنێتەكەت تەواو نابێت.



## پرێنتەرێکی بچووک و توانایەکی زۆر

پرێنتەر لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، ئەو داتاکان لە شـێوەی دیجیتالی دەخاتە سـەر کاغەز، پێشووتر پرێنتەرەکان قەوارەی گەورە و کێشـی مەزنیان هەبوو، لەم ساڵانەدا پرێنتەری بچووکیش بەرهەمهێنراون، بەڵام هەر لەسـەر شـێواز و سـتایلی پرێنتەرە گەورەکان.. بەڵام ئەمجارەیان شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای نـوێ لە تاقیگـەی zuta پرێنتەرێکیان بەرهەمهێنا شێوازی کارکردنەکەی جیایە. پرێنتەرەکە تەنیا بە قەند نیو کۆپێکی قاوە دەبێت و بەهۆی سیسـتەمی وای-فـای لەگەڵ کۆمپیوتەر، تەبلێت، و مۆبایل پەیوەند دەدرێت. بۆ پرێنت کردن تەنیا ئەوەندە بەسە کە پرێنتەرەکە لەسەر گۆشەی چەپی کاغەز لەلای سەرەوە دابنێی، پاشان فەرمانی پرێنت کردن بدەی.. ئیدی دوای ئەوە پرێنتەر دەست دەکات بە پرێنت کردن.

## ـــــدالْ دەخەوێنێ

لەسـەرخۆ بێ ئەوەی کە منداڵەکە لە خەو هەسـتێنێ رادەژێت، لە رێگـەی مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت ئەو گۆرانی یان لایە لایەی کە داتناوە لە بڵندگۆی لانکەکە بڵاو دەبێتەوە. هەر کاتێك منداڵەکە دەسـتی بە گریان کرد خۆی رادەژێتەوە...

## ـــــایل و کۆمپیوتەردا

کامێراکانـی مۆبایلەکەت بەگەڕ بخـەی و هەم بە کامێرای پێشەوە و هەم بە کامێرای پشتەوە وێنە بگری، تەنانەت دەکرێت کامێرای مۆبایلەکەت بکەی بەکامێرای چاودێری، تواناکانی زیاتر لەوەن کە ئاماژەمان پێـدا ئێوە دەتوانن لە ئینتەرنێت بێ بەرامبەر پرۆگرامەکە دابەزێنن.




## ترسێنەرترین شوێنەکانی جیهان لەم سایتەدا ببینە



شـوێنی پڕ مەترسـی لە جیهاندا کەم نین، رەنگە لە ژیانی واقیعیدا قەت بۆمان هەڵنەکەوێ سەری شـوێنە پڕ مەترسییەکان بدەین، بەڵام دەکرێت لە جیهانی مەجازیدا و لە سایتی creepyplaces.com شوێنە پڕ مەترسـییەکانی جیهان ببینی. هەندێك لە شـوێنەکان بەهۆی ئەوەی کە لەرادەبەدەر تاریکن جێگای مەترسین، هەندێکیان بەهۆی شێوازی ئەندازیاری تایبەت و هەندێکیش بە هۆکاری تایبەتییەوە بە ترسـێنەر سـەیر دەکرێن. بە هەرحاڵ ئەگەر بەنیازی زانیاری لەبارەی پڕ مەترسـیترین شوێنەکانی جیهان بزانی سەردان لە سایتی ناوبراو بکە.